




# لە ٢٠١٥دا جیهانی کۆمپیوتەر

**سـاڵی 2015دا جیهانی تەکنەلۆژی بەگشـتی و جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی بەتایبەتی کۆمپیوتەر گۆڕانیکی**

## لــە 2015دا لاپتۆپەکان بێ وایەر شــەحن دەبنەوە:

**لــە 2015دا لاپتۆپەکان بێ وایەر شــەحن دەبنەوە:** دەکرێ بە ســاڵی 2015 بڵێیــن مەرگی وایەر، چونکە زۆربەی شــتەکان وایەرلەیس دەبن، پێویست ناکات لاپتۆپەکــەت، کامێراکەت، مۆبایلەکەت بە کێبڵێك شــەحن بکەیەوە.. لاپتۆپەکەت لەســەر مێزێ دابنێ و خۆی شەحن دەبێتەوە. کۆمپانیای ئەنتەل لەمێژە خەون بەوەوە دەبینێ، ئەم کۆمپانیایە نیازی هەیە تەکنەلۆژیای بێ وایەر بۆ رستۆران، کۆفی نێت و هوتێل و فرۆکەخانەکان دابنێ.

**مۆنیتۆرە وایەرلەیسەکان:** لەلای کۆمپیوتەرەکەت وایەرێــك هەیە کــە پەیوەنــدی کۆمپیوتەر بە شاشــەوە دەبەستێتەوە، بۆ هەر شتێك دەبێت وایەرێك هەبێت،، لە ساڵی 2015دا پێویســت ناکات شاشە و کۆمپیوتەر وایەریان لەناودا هەبێت، کێبڵی HDMI و DIsplayport نامێنێ، لاپتۆپەکەت لە یەك کاتدا دەکرێت لە ســەر چەندین شاشە سەیر بکەی، ئەم تەکنەلۆژییە بۆ خوێندنگە و شــوێنە فێرکارییەکان زۆر گرنگە. شاشە وایەرلەیسەکان دەتوانن لە تەکنەلۆژیای W-

## خزمەتگوزارییەکی نوێ لە فەیسبووکەوە




هەفتەیــەك لەمەوبــەر تــۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك خزمەتگوزارییەکی نوێی بە تۆڕەکەی خۆیــەوە زیاد کرد، بەهۆی ئــەو خزمەتگوزارییــەوە دەتوانیت بــەدوای ئەو ستاتۆتنووس و وێنە و بابەت و ڤیدیۆییدا بگەڕێی، جگە لەو خزمەتگوزارییە خزمەتگوزاری بە "گراف سێرچ"یش هەر ماوە.

فەیســبووك دەڵێت: تایبەتمەندییە نوێیەکە لەسەر داخوازی بەکارهێنەرانی فەیســبووك دانراوە، ئەم خزمەتگوزارییە 9 مانگی خایاندووە و تاقیکاری لەسەر کراوە و پاشــان دانراوە. ئیدی لەمەولا بە ئاســانی دەتوانــی ڤیدیــۆ و وێنە و نووسینەکانی پێشووت بدۆزیتەوە.





# گۆڕانكارییەكی گەورە دەبینێت

**گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، لێرەدا چەند گۆڕانكارییەک باس دەكەین كە لەساڵی 2015دا روو دەدەن.**

Gig بۆ وەرگرتنی و بڵاوكردنەوەی ڤیدیۆیی K4 بێ وەستان سوود وەربگرێت.

**كۆمپیوتەری سەرمێزی هۆشمەند:** ساڵی 2015دا كۆمپیوتەری سـەرمێز بەم شـێوەیەی ئێستا نابێت، هەر لە ئێسـتاوە كۆمپانیای HP جۆرێك لەم كۆمپیوتەرە زیرەكانەی بەناوی Sprout بەرهەم هێناوە. سپروت لە دوو شاشە پێكهاتوە، یەكێك لە شاشەكان لەسەر مێز و شوێنی كیبۆرد دەگرێتەوە، كیبۆردیش دوگمەی نابێت بەڵكو لە رێگای پرۆژكتۆرێكەوە كە تیشكەكەی لەسەر شاشەكە بڵاو دەكاتەوە دەتوانی تایب بكەی.

**تەنكتر، خێراتر، باشتر و كاراتر:** ئەمە دروشمەی تەكنەلۆژییـــە دیجیتالییەكانی 2015دایە، لاپتۆپ، تەبلێت، هایبریـــد، هەر لە ئێســـتاوە بەرەو ئەم دروشـــمە هەنگاویان ناوە. ئـــەم گۆڕانكارییانـــە و زۆر گۆڕانكاری دیكەش لە تەكنەلۆژیـــای دیجیتالیدا روو دەدەن، گۆڕانكارییەك كە لە ئێستاوە چاوەڕانی ناكرێت..

## ماوسێک بە ستایلێكی جیاوازتر




ماوسەكان هەر رەنگ و جۆرێكیان هەبێـــت و چەند دوگمە و فەرمانی جیاوازیان هەبێت، زۆرتر بە یەك ستایلن، ئەویش ئەوەیە كە هەمووتان بەكارتان هێناوە، لە شێوەی مشـــكێكە و زۆرترینان دوو دوگمەی لای راست و چەپیان هەیە لەگەڵ تۆپێك لەناوەند كە بە پەنجە دەســـووڕێت، كەچی ماوســـی جۆری Evoluent VerticalMouse 4 لەگەڵ ماوســـەكانی دیكە ستایلەكەی جیاوازە، جیاوازییەكەش لە دوگمەكانیدایە كە لەبری لە خوارەوە و بەشێوەی ستوونی بن، لەسەرەوەن و بەشـــێوەی ئاسۆیین. كاتێك دەست دەخەیە سەر ماوســـەكە وەك ئەوەیە كە تۆقە لەگەڵ كەسێكی دیكە بكەی، بەمجۆرە پەنجەكان كەمتر ئازار دەبینن و بەكارهێنەر زاڵترە بەسەر ماوسەكەدا.